## ناوی کتێب: کۆڵۆمبیا

کتێبێکی پڕ زانیارییەدەربارەی ولآتی کۆڵۆمبیا، چوارەمین ولآتی گەورەی ئەمریکای باشوور. دەقەڕەسەنەکەی ئەم کتێبەلەلایەن (ئارنێ بێنگتسسۆن)ەوەنووسراوەتەوەو سیروان کاروانی وەریگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی. باس لەو گرفتەمێژوویانەدەکات کەدانیشتووانەکەی لەدەمانی داگیرکارییەوەلەلایەن سپانییەکانەوەدووچاری هاتوون و لەسەردەمی ئێستاشدا، کولتوورەپەرش و بلآوەکەیان پێوەی دەناڵێنێ. ئەم کتێبەیەکێکەلەئەرکەکانی ئامۆژگەی سیاسەتی دەرەوەی سوێد، کەدامەزراوەیەکی نەبەستراوەیەبەهیچ پارتێکی سیاسی و ئەرکی ئەوەیەزانیاری دەربارەی پەیوەندیی نێونەتەوەیی بلآوبکاتەوە. وێنەی ڕووی بەرگ: ئێڤا یو هانکۆک. چاپ: برومما، سوێد 2008 (ISBN 978-91-976638-1-6)

سەرەتای کتێبەکەبەم شێوەیەهاتووە:




کۆڵۆمبیا لەسایەی ئەو بارەسروشتی و پڕکاریگەرییەیەوە، لەوێدا شوێنی زۆربەی جۆرەکانی سروشتی کیشوەرەکەی تێدا بووەتەوە. ولآتەکەکەناری دووروودرێژی هەیەبەرانبەر بەدوو زەریا، زەریای وەستاو و زەریای کاریبی.

دوو دەرسنووری بەسەر جوگرافییەکەیدا زاڵە. چیا تۆکمەو مەزنەکانی ئاندێرەکان لەڕۆژئاوا و تەختاییی ناوچەی لێرەواری ئامازۆنا لەڕۆژهەلآتەوە. سەرباری ئەوانەسێ هەتا چوار هەرێمی جوگرافیای تریشی هەیە. لەباشوورەوەهەتا باکوور ئاندێرەکان بەسێ زنجیرەچیای هاوڕێک درێژبوونەتەوە. زۆر لەلووتکەکان لەسەرووی 5000 مەتر بڵندتر دەبن و، چەند دانەیەک لەوان چالاکانەبورکانیان لێ دێتەدەرەوە.

بەرزترین خاڵیان "کریستۆبال کۆلۆن"ەکەناکە "سییێررا نەڤادا دی سانتا مارتا"وەلای باک زنجیرەچیاکانن بەلای باکوورەوەو بەرەو ز "ماگدالێنا"یان پێدا دەڕژێت. جۆرەکانی بێجگەلەگەریی ڕووبارەکان چەندین دەشتایی بەرزی بچووکتر بەباشی لەبارن بۆ کشتوکال. لە''لا سبانا"، یەکێک لەو تەختاییەبەرزانەی ڕۆژهەلآتی زنجیرەچیاکان، بۆگۆتای پایتەخت بەبەرزاییی 2650 مەتر فراوان بووەتەوە. هەروەها دووەم و سێیەم شاری ولآت کاللی و مەدەللین کەوتوونەتەلای ناوچەهەرەبەرزەکانەوە، لەوێ نزیکەی چوار پێنج بەشی دانیشتووان لێیدا دەژین. لەباکوور و ڕۆژئاوای ئاندێرەبەرزەکانی ولآت هەردوو کەنارەتەختەکانی لێیە. کەناری زەریای وەستاو لای ڕۆژئاواوەبەو دووەئاوەدان کراوەتەوەو بەداروبارەسروشتییەکان داپۆشراون. لەکەناری تەختی کاریبی لای باکوورەوەولآتەکەبەشێوەیەکی گشتی تەختاییەو بەشێک لەناوچەکانی خوارەوەی ڕووباری ماگدالێنا هەمیشەلەژێر ئاودایە. لەلای باکووری ڕۆژهەلآتەوە

نیمچەدوورگەوشکەکەی گوازیرا قووت بۆتەوە.
کەش لەوێ گەرمەو پلەی گەرمی لەماوەی ساڵدا هاوکێشە. لەگەڵ ئەوەشدا بەرزاییەکان جیاوازیی گەورەدەخووڵقێنن.




کۆڵۆمبییەکان ولآتەکەبۆ سێ کەشی ناوچەیی
دابەش دەکەن: (تییررا کالیێنتێ) بە
ناوچانەدەڵێن بەبەرزیی 1000 مەت
دەکەونەسەر رووبەری زەریاوە،
لەوێدا پلەی گەرمیی مامناوەندی 25-0
پلەیەو ڕادەی شێ بەرزە. پلەی گەرمیی
مامناوەندی لەناوچەی (تییررا تێمپلادا) 18
25 پلەیە. ئەو ناوچانەدەگرێتەوەکەبە 000
هەتا 2000 مەتر بەرزن. لەکەشی ئە
ناوچەیەدا دەتوانرێ چەندین جۆرە
دانەوێڵەبچێندرێت. دواناوچەیان (تییرر
فریا)یەکەبەبەرزیی 3000 مەتر بۆ سنوورە
درەختەکان درێژ دەبێتەوە. لەوێدا پلەی
گەرمی 12-18 دەبێت و
جیاوازیی پلەی گەرمی لەنێوان شەو و ڕۆژ
سوێد وایە. لەوێوەبەرزتر ئەو تەختاییەهە
مەتر هەمیشەبەفرە.لەبەرزاییی ولآتەکەدا د
11 و 4-5دا دەبارێت. باکووری کەناری زەری
بارانیان لێدا دەبارێت.

کۆڵۆمبیا دەکەوێتەناوچەیەکی چالاکی بەبوردانەوەلەسووری نیوان دوو کیسوەری فراوانی جیهاندا. ئەو ڕێژەیەی کەرۆژێک چیای ئاندێرەکانی دروست کرد، ئێستاش بەردەوامەو وەک زەوی لەرزین و تەقینەوەی کێوی ئاگرپژێن خۆی دەناسێنێت. بورکانی (نەڤادۆ دێل رویز) ساڵی 1985 بەرپابوو، شاری (ئارمەرۆ)ی ژێرخاک نا و نزیکەی 25000 مرۆڤی لەژیان کرد.

## دانیشتووان و زمان

دانیشتووانی کۆڵۆمبیا لەماوەی نیوسەدەی دواییدا چوار بەرابەر بووەبۆ 46 میلیۆن کەس. لەگەڵ ئەوەشدا ولآتەکەسێیەمین نەتەوەی پڕخەڵکی ئەمریکای لاتینە. لەسالآنی 1900 و پاش ئەوەژمارەی لەدایکبوون کەمی کردووەو گەشەی دانیشتووان لەسەرخۆ بووە.
گەورەترین گرووپی خەڵک (مەستیسەر)، "ئەو کەسانەی کەتێکەڵن لەسپی و ڕەگەزی هیندییەسوورەکان" بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرزاییەکانی ولآتدا دەژین. لەوێدا سپییەکانی کۆڵۆمبیاش "ئەو کەسانەی لەرەچەڵەکی ئەورووپین" لێیدا دەژین. ئەوان دەوروبەری پێنج-یەکی دانیشتووان پێک دەهێنن و بەواتای ئەوەیەکەزۆروەخت ئەرکی بەرزیان هەیەلەناو کۆمەڵگەدا.
خەڵکەبەرەچەڵەکەکە(هیندییەسوورەکان) کەلەو ولآتەدا دەژیان کاتێک سپانییەکان لەسەرەتای سالآنی 1500دا هاتنەئەوێ، تەنها لەماوەی دوو سەدەدا بەهۆی قڕان و چەوسانەوەوەئێجگار کەمیان کرد.

**دانیشتووان**

ژمارەی دانیشتووان: 46 میلیۆن کەس (هەڵسەنگاندنی ساڵی 2005)
دانیشتووان/کم2: 40 میلیۆن (هەڵسەنگاندنی 2005)
ڕێژەی دانیشتووان لەشارەکان: 77% (2005)
ڕێژەی لەدایکبوون/ژمارەی لەدایکبوون: 2،1% (هەڵسەنگاندنی 2004)
مردن/ژمارەی مردن: 6% (هەڵسەنگاندنی 2004)
چاوەڕوانیی درێژیی ژیان: : پیاو 68 ساڵ، ژن 75 ساڵ (هەڵسەنگاندنی 2004)
چوونەخوێندنگە: پێنج ساڵ خوێندن بەخورتی.
توانای نووسین و خوێندنەوە: 92% (2002)
گروپەکانی خەڵک: (مەستیسەر) 58%، (سپییەکان) 20%، (ڕەشەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی بەبنەچەتێکەڵن لەڕەش و سپی) 18%، (زامبۆس تێکەڵ لەڕەچەڵەکی ڕەش و هیندییەسوور) 3%، (هیندییەسوورەکان) 1% (2004)
زمان: سپانی، نزیک 70 زمانی بچووکتری هیندییەسوورەکان
ئایین: زۆربەی زۆر کاتۆلیکی، کەمایەتی لەخاچپەرستی پرۆتێستانت و هی تر
ناساندنی نەتەوەیی: کۆڵۆمبی

لەکاتی ئێستادا تەنها بەشێکی کەمی کەمینەی دانیشتووان لەهەرێمەکاندا دەژین و بەسەر ولآتدا بلآوبوونەوە.

گروپێکی ئێجگار گەورەتر نەوەی ئەو کۆیلەئەفریکییانەیەکەلەلایەن سپانییەداگیرکەرەکانەوەبردرانەولآتەکەوە. ڕەشەکان و ئەو کەسانەی ک لەبنەچەی ڕەش و سپی تێکەڵن، بەر لەهەموو شتێک لەکەنارەکان زەریادا دەژین. هەردووک لەهیندییەسوورەکان و ڕەشەکان لەئاستی هەرەخوارەوەی گەشەی کۆمەڵگەن.

کێشەی چەکداری (تەماشای مێژوو بکە) و ئەو نادڵنیاییەی ئەویی گرتۆتەوە، وادەگەیەنێ/وایگەیاندووەبۆ دانیشتووانی ولآتەکەکەزۆر مرۆڤی ناچاری هەلآتن کردووە. لەسەرەتای سالآنی 2000دا چەندین میلیۆن کۆڵۆمبی وەک پەناهەندەلەولآتی خۆیاندا دەژیان و هەموو ساڵێک بەلانی کەمەوە100000 کەس کۆچیان دەکرد. بەپێی ژمێریاریی 2001 بەلانی کەمەوەچوار میلیۆن کۆڵۆمبی لەدەرەوەی ولآت بوون. لەساڵی 2003وەکۆچکردن بەجۆرێک کەم بووەتەوەبەهۆی ئەوەی کەباری ئابووری باشتر بووەو توندوتیژی کەم بووەتەوە.

هەردەوبەردەی چیاکانی کۆڵۆمبیا وایکردووەکەپەیوەندی سنووردار بێت لەنێوان ناوچەجیاوازەکاندا و، لەبەرئەوەدانیشتووانەکان بەخەسڵەتی کولتووری جیاوازەوەگەشەیان کردووە. ئەو گروپانەی کولتووریان جیاوازە، وەک نموونەبریتین لە(کۆستەنۆس) ئەوانەی لەباکوور کەنار زەریادا دەژین، (ئەنتیۆکوێنۆس) ئەوانەی دانیشتووانی هەرێمی ئەنتیۆکویتا لەباکووری شاری مەدەللین و بۆگۆتانۆس ئەوانەی لەبۆگۆتای پایتەخت دەژین.

نزیکەی هەموو کۆڵۆمبییەکان بەسپانی دەپەیڤن. بێجگەلەوەش نزیکەی 70 جۆر زمانی هیندییەسوورەکان هەیە، بۆ نموونەئاراواک، چیبچا، توکانۆ وکوێچوا، بەلآم زۆر لەو زمانەبچووکانەی هیندییەسوورەکان مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە.